

# ئەو شەوەی نەدەبرایەوە

**چنار نامق**
**chnarnamq@yahoo.com**

لە جیهانی سەرمایەداریدا لۆژیک پێوەر نییە، سەرمایەدار ئەو دەستارەیە وردوو درشت پێکەوە دەهاڕێت، ئەو گڕەیە بەهەمیشەیی تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنێ، کاتێک ساتەکانی ژیان رادبوورێت نازانم دەبێ لەسەر چی ئایندەیەک بدوێین، هەڵبەتە رووداوەکانی شەوی ٢٠٠٥/١/٤ هەژاندمی بۆیە دێمەگۆ، ئەو شەوەی چرکە ژمێری کاتژمێرەکان لە پەستیدا نەدەخولانەوە، شەوێک بوو کۆپتەرە جەنگییەکانی هێزە بیانییەکان ئارامی ئەم هەرێمە ئارامەیان شلەقادن، خۆ ئەمەش هەر لەوە سەرچاوە دەگرێت ناحەزانمان هیچ کاتێک نەیانوویستووە گەلەکەمان لە ئاشتیدا بژیت و ئیرەیی بەم ناوچە ئارامە دەبەن، وەک بڵێین بۆ دەبێت تەنها کوردستان بێبەش بێت لە مەرگ و وێرانکاری و کارەسات، وەک بڵێی ئێمە تاکو ئەمڕۆ هیچ قوربانیمان نەدابێ و درەختی ئازادیمان بەخوێن ئاو نەدابێت، ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لێرە سەقامگیرە، بەرەی رەنجی هەزاران رۆڵەی چاوگەشی ئەم نیشتمانە کلۆڵەیە کە لە دێر زەمانەوە لە پێناویدا، جەنگاون و گیان بەخش بوون، توخوا چیدی با ئیدارەی ئەمەریکی نازمان بەسەردا نەفرۆشێت، بەبۆمبی هاوپەیمانییەتی خۆی گەلەکەمان ئاورشێن نەکات، پاشان بڵێت ببورن گومانمان لە تیرۆریستان هەبوو، یا پاساوی بە هەڵە کەوتنەوەی کارەکەمان بۆ بێنێتەوە ناشێ ئەوەشی لەبیر کردبێت کە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئێمە قەڵغان و پێشەوایان بوون لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادی عێراق ئەو دەمانەی وڵاتە ئیقلیمییەکان رێی بە فڕۆکەکانیان نەدا بە ئاسمانەکانی ئەواندا بگوزەرێت، پاش ئەو هەموو هاوکارییەی پێشکەشمان کردن ئێستاکە وادیارە ئێمە میوانین و ئەوانیش خاوەن ماڵ..

رەنگە ئم رووداوەی لە هەولێری پایتەختدا روویدا چەند بارەبێت، لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، دەنا چۆن جەماوەری چەوسێنراوی ئەم وڵاتە بەو شێوەیە رق ئەستوورن بەرامبەر ئەو هێزەی بانگێشەی ئازادی بۆ دەکردن و ئێستا ناوی لە خۆناوە داگیرکار، بوونی هەر کێشەیەک پێویستی بە حیکمەتێکی گەورەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەبێ لێکەوتنەوەی زیان، هێزە بیانییەکان، لە سرووشتی کاری ئەم ناوچانە نازانن بۆیە پێویستە زۆر بە سرکی مامەڵە بکەن لەگەڵ گومان و رووداو، پاشان ئاساییش لەم هەرێمەدا سەقامگیرە و دەسەڵات چەسپاوە و دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات لە کاتی بوونیدا، بۆیە زۆر پێویستە بوو پرس و را بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرایە لەو رێگایەوە بە ئاسایی بارەکە کۆنترۆڵ دەکرا، ئەگەر کردە تیرۆریستییەکان دوا خاڵیان کۆتاهێنان بێت بە ژیان و ئامانجیان دوژمنکاری و وێرانکاری بێت ئەم کردەوەیەی ئەمەریکاش هەمان ئامانج و هەمان مەبەستی هەبوو سەبارەت بەو خەڵکەی بەر شاڵاوەکە کەوتن، هاوخەمی ئەو قوتابییە بێ تاوانانەم کە تووشی کارەساتی ئەم رووداوە بوون، هەروەها هاوخەمی ئەو خێزانەشم کە لەپیاسەی شەوانی هەولێر دەگەڕانەوە، ئافرەتێک لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا بە دەسڕێژی ئەمەریکییەکان بریندارببوو، خەڵکی کوردستان واراهاتبوون خەڵکی کوردستان ئەوانیان گوڵ باران دەکرد، کەچی وادیارە خەڵکی ئێمە لە جێی گوڵدا بومباران دەکرێت، کورد واراهاتبوو لە هێز و ئەفسەرانی ئەمەریکی نەدەترسا، کەچی ئێستا دەبێت لە فڕۆکەکانیان بترسێت، چەند ئەستەمە هاوپەیمان و دۆستەکانت بۆمبارانت کەن، لە کاتێکدا گەر دوژمن بۆمبارانتکا رەنگە خۆشتربێت، ئاخر لە دنیای سەرمایەداریدا هاوپەیمانییەتی نییە، سەرمایەدار وەک ئاگر وایە سۆز و هاوڕێتی و هاوپەیمانییەتی نازانێت ئەو بەتەنها هاوپەیمانی بەرژەوەندییە.